## یانەی هەڵۆ لە خولی نایابی کوردستان ئەمساڵ جیاواز دەبێت



### نور حەسەن:

# لەم یاریەدا جەماوەری ئێمە کەم ئامادەی

دیمانە: کارزان کانەبی

شاری سلێمانی لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان زۆربەی یاریزانانی ئەو شارەش کۆنترۆڵی گۆڕەپان و مەیدانی عێراقیان کردووە لەم یارییە یەکێک لە یاریزانانی ئەم شارەش یاریزان نور حەسەن محەمەدە یاریزانی ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٣ی شاری بەسرەی باشووری عێراقە و ماوەیەکی زۆرە لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە، ماوەی چەند وەرزێکە لەگەڵ یانەی سیروانی نوێ یارییەکانی گۆڕەپان ومەیدان ئەنجام دەدات، لە هەمان کاتیشدا یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقەو خاوەنی چەندین ئەنجامی بەرچاوە لەگەڵ یانە و هەڵبژاردەکەی ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد.

***بۆچی یاریی گۆڕەپان و مەیدانت هەڵبژارد؟**

- مـــن هەر لە منداڵییەوە خولیـــای زۆرم بۆوەرزش هەبوو، بەهیوای ئەوە بووم کە رۆژێك لە رۆژان منیش وەکو یاریزانانی تری جیهان ببمە یاریزانێکی بەتواناو هیوام گەیشـــتن بوو بە هەڵبژاردەی عێراق ئارەزووەکەشم هاتە دی.

***لەم بارودۆخەی ئێستا ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی بە شێوەیەکی گشتی؟**

-ئاســـتی ئەم یارییە لە ئێســـتادا لە چاو یارییەکانی تر تا رادەیەك باشـــە، چونکە تا ئێســـتا کێشـــەو گرفت هەیە لەم یارییەدا بەڵام ئێستاش لە جاران باشترە.

***بۆئەوەی بمانەوێ ئاســـتی ئـــەم یارییە بەرەو پێش ببەین چی بکرێت باشە؟**

- پێش هەموو شـــتێك یاریگای نـــوێ بکرێتەوە بۆئەوەی زیاتر یاریزانان ڕوولەم یارییە بکەن، قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانانـــی تەمەن بچـــووك بکرێتەوە و گرنگـــی زیاتر بە ئافرەتانیش بدرێت بەمشـــێوەیە ئاستی یارییەکە رۆژ بە رۆژ پێشدەکەوێت.

*** ئەنجامدانی ئـــەم پاڵەوانێتییە بۆماوەیەکی کورت کە لە دوورۆژ تـــێ ناپەڕێت تاچەند دەبێتە هۆی پێشـــکەوتنی ئەم یارییە؟**

دوای ئەوەی ساڵی ڕابردوو یانەی هەڵۆی دەڤەری بارزان بە زەحمەت توانی خۆی بهێڵێتەوە لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان شان بە شانی چەندین یانەی شارەکانی کوردستان، بەهۆی هاوکاریی نەکردنیشی لەلایەن بەرپرسانی حزبی و حکومی، دەستەی کارگێڕیی یانەکە بڕیاری کشانەوەیان لە خولی نایابی کوردستان کردبوو هەڕەشەی فرۆشتنی مۆڵەتی یانەکەیان دەکرد بە یانەیەکی تر، بەڵام لە دوای هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕیی یانەکە، ئەمجارە یانەی هەڵۆ لە بڕیاری کشانەوەی لە خولی نایابی کوردستان پاشگەز بۆتەوە ئەحمەد خەلیل سەرۆکی یانەکەش لەبارەی هۆکارەکانی بەشداری کردنیان لە خولی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: ئێمە هەر چەندە بڕیاری ئەوەمان دابوو کە پاشە کشە بکەین لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بەڵام چەند بەرپرسێك بەڵێنی هاوکاری کردنی یانەکەیان پێداوین، ئێمەش بڕیاری ئەوەمان داوە کە بەشداربین لە یارییەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی کوردستان، لە ئێستادا گرێبەستی زۆربەی یاریزانانی یانەکەمان نوێ کردۆتەوە بۆئەوەی ساڵی داهاتووش لە ریزی یانەی هەڵۆ یاری بکەین، بڕیاری ئەوەشمانداوە ٧بۆ ٨ یاریزانی تر بهێنین، گوتیشی مەحمودمەجید ڕاهێنەری یانەکەمان بەردەوام دەبێت لەگەڵ یانەی هەڵۆ بۆئەوەی سەرپەرشتیی یانەکەمان بکات لە یارییەکانی خولی نایابی کوردستان، ئێمە لە ئێستادا خاوەنی ١٥یاریزانین و پێویستمان بە نۆ یاریزانی تر هەیە، بۆیە بڕیاری ئەوەمانداوە ئەمساڵ جیاواز بین لە ساڵی تر و ئەم نۆ یاریزانە هەمووی لە دەڤەری بارزان کۆبکەینەوە پشت بە یاریزانانی خۆمان دەبەستین لە بری یاریزانی تر، پێویستیشمان بە بری ١٥٠ ملیۆن دینارە بۆئەوەی یانەکەمان بەردەوام بێت، ئەمساڵیش پشت بە هیچ یاریزانێکی پیشەگەری دەرەوە نابەستین و تەنیا گرنگی بە یاریزانانی خۆمان دەدەین بۆئەوەی سوود لە بەهرەی یاریزانەکانمان وەربگرین.



# یاریگاکان دەبن

-نەبوونی یاریگا دیسان دووبارەی دەکەمەوە کەئەوە دەبێتە هۆکار کە پاڵەوانێتییەکان ماوەی کەم بخایەنێت و یانەکانیش زۆربەیان یاریگایان نییە.

*** وەکو کچە وەرزشکارێك لە وەرزش کردن هیواو ئاواتت چییە ؟**

- بەهیوای ئەوەم زیاتر گرنگی بەتواناکانی خۆم بدەم و ڕۆژ بە ڕۆژ ئاستی خۆم بەرز کەمەوە بگەمە لوتکەی یاریزانانی جیهانی بەشداری پاڵەوانێتییەکی گەورە بکەم.

*** زۆر جار لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان هاندەران ئامادە نابن هۆکاری چییە؟**

- ئەوە کێشەی منیشە تاکو ئێستا نازانم بۆچی هاندەران نایەنە نێو یاریگاکان لە کاتێکدا یارییەکی تۆپی پێ ئەنجام دەدرێت، زۆربەی خەڵك ڕوو لە یاریگاکان دەکەن، ئەوەش کاریگەریی خۆی دەبێت.

*** لە یاریی گۆڕەپان و مەیداندا بەچ یاریزانێکی جیهانی سەرسامی ؟**

- یاریزانی بەناوبانگ ماریای بەلجیکی.

*** زۆرجار گوێ بیستی ئەوە دەبین کەوا لەلایەن خانەوادەکان ڕێگری لە منداڵەکانیان دەکرێ لە وەرزش کردن ئایا هیچ کات ڕێگری لەتۆ کراوە؟**

- نەخێر بە سوپاسەوە دایك و باوکم بەردەوام بوون لە خزمەت کردنم ئەوان ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە لە دروست بوونی من و گەیشتنم بە ئاواتی خۆم.

*** یانەی سیروانی نوێ هاوکاریی باشتان دەکات؟**

- بەسوپاسەوە خزمەتی باشی ئێمە دەکەن، ئێمەش دەتوانین بە بەدەست هێنانی ئەنجامی باش وەڵامیان بدەینەوە.

*** پێشنیارت چییە بۆئەو کچانەی وەرزش ناکەن؟**

- بەهیوای ئەوەم ئەوانیش ڕوو لە وەرزش بکەن، بۆئەوەی خۆیان لە نەخۆشی بەدووربگرن، وەرزش هۆکارێکی باشە بۆبوونی جەستەیەکی تەندروست.



## داهاتی چانپیۆنزلیگ .. یۆڤانتس لەپلەی یەکەمەو بایـ

یەکێتیی تۆپی پێی ئەوروپا لیستێکی بەناوی ئەو یانانە دەرکرد کە زۆرترین داهاتی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپای وەرزی ٢٠١٢-٢٠١٣ یان بەدەست هێناوە، تیایدا یانەی یۆڤانتسی ئیتالی لەپلەی یەکەم هات سەرەڕای ئەوەی لەیارییەکانی قۆناغی هەشتەمەوە ماڵئاوایی لە چامپیۆنزلیگ کرد، یانەی خانمە پیرەکە بڕی ٥٦ ملیۆن پاوەندی بەدەستهێنا لەبەرامبەر مافەکانی پەخشی تەلەفزیۆنی و پلیتی یارییەکان و ئەو پارەیەی لە یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا وەریگرتووە .

یانەی بایرن میونیخی ئەڵمانی کەنازناوەکەی بەدەست هێنا بەپلەی دووەم هات دواتر یانەی بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی دووەمی وەرزی رابردوو بەپلەی سێیەم هات، گەورەترین زەرەرمەندیش یانەکانی خولی ئینگلتەرا بوون، ئەمەش ریزبەندی داهاتی یانەکانە لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بۆ وەرزی ٢٠١٢-٢٠١٣ :

١- یۆڤانتس لە ئیتالیا ٥٦,١ ملیۆن پاوەند
٢- بایرن میونیخ لە ئەڵمانیا ٤٧,٣ ملۆن پاوەند
٣- بروسیا دۆرتمۆند لە ئەڵمانیا ٤٦,٥ ملیۆن پاوەند
٤- ئەی سی میلان لە ئیتالیا ٤٤,١ ملیۆن پاوەند

## پاریس سانجێرمان مانەوەی تیاگۆ سیلڤا مسۆگەر دەکات

یانەی پاریس سانجێرمان پاڵەوانی خولی فەرەنسا دەستی بەچارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی کرد دوای ئەوەی زۆر چالاك بوو لەبازاڕی گواستنەوەی یاریزانان بەهێنانی هەریەك لە یاریزانان ئەدینسۆن کاڤانی و لۆکاس دین و مارکینیۆس، بۆیە یانەی ناوبراو بڕیاری داوە مووچەی چەند یاریزانێکی سەرەکی بەرزبکاتەوە و بۆندەکانیان درێژ بکاتەوە، رۆژنامەی لیکیپی فەرەنسی رایگەیاند یانە دەوڵەمەندەکەی شاری پاریس بڕیاری داوە بۆندی کاپتنی یانە تیاگۆ سیلڤای بەرازیلی تاساڵ ٢٠١٨ درێژ بکاتەوە و مووچەکەی لە ١٠ ملیۆن یۆرۆوە بۆ ١٢ ملیۆن یۆرۆ بەرزبکاتەوە، بەم هەنگاوە یانەی (PSG) هەموو دەرگاکانی لەبەرامبەر یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی داخست کەچاوی لەسەر ئەم یاریزانە دانابوو، مووچەکەی یاریزان تیاگۆ سیلڤا باجی لەسەر نییە.

لەلایەکی دیکەوە دەستەی کارگێڕیی یانەی (PSG) بەنیازە هەمان هەنگاو لەبەرامبەر ئەستێرەی سویدی زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ پەیڕەو بکات بەمەبەستی مسۆگەرکردنی مانەوەی لەیانەکەی شاری پاریس، رۆژنامەکە دووپاتیکردەوە لەسەر داوای راهێنەر لۆران بلان بۆندی یاریزان زلاتان درێژ دەکرێتەوە و مووچەکەی لە ١٤ ملیۆن یۆرۆ بۆ ١٥ یان ١٦ ملیۆن یۆرۆ بەرزدەکرێتەوە، راپۆرتە هەواڵەکان پێشتر ئاماژەیان بەوە دابوو کە یانەی ریال مەدرید و راهێنەر ئەنشلۆتی هەوڵ دەدەن بۆند لەگەڵ زلاتان مۆربکەن بۆیە یانەی پاریس سانجێرمان هەوڵ دەدات ئەم دەرگایەش بەرامبەر یانەی شاهانە دابخات.




## ـــــــرەن میونیخ لەپلەی دووەمە

٥- ریال مەدرید لە ئیسپانیا ٤١,٦ ملیۆن پاوەند
٦- بەرشلۆنە لە ئیسپانیا ٣٩,١ ملیۆن پاوەند
٧- پاریس سان جێرمان لە فەرەنسا ٣٨,٤ ملیۆن پاوەند
٨- مانچستەر یونایتد لە ئینگلتەرا ٣٠,٥ ملیۆن پاوەند
٩- مۆنپیلیە لە فەرەنسا ٢٧,٦ ملیۆن پاوەند
١٠- مالاگە لە ئیسپانیا ٢٧,٦ ملیۆن پاوەند
١١- ئەرسنال لە ئینگلتەرا ٢٧ ملیۆن پاوەند
١٢- چێلسی لە ئینگلتەرا ٢٦,٤ ملیۆن پاوەند
١٣- مانچستەر سیتی لە ئینگلتەرا ٢٤,٧ ملیۆن پاوەند

## لە بۆندسلیگا . شڤانیشتایگەر باشترین یاریزان و هاینکس باشترین راهێنەر

یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی بایرەن میونیخی ئەڵمانی باستیان شڤانیشتایگەر و راهێنەر پێشووی یانەی بایرەن میونیخ خەڵاتی باشترین یاریزان و باشترین راهێنەر لەخولی ئەڵمانیا بۆ وەرزی ٢٠١٢-٢٠١٣ بەدەست هێنا بە پێی راپرسێك كە گۆڤاری كیكەری ئەڵمانی بەناوبانگ ئەنجامی دا و ٥٢٧ رۆژنامەنووسی وەرزشی بەشداری تێدا كردبوو . لە راپرسەكەدا شڤانشتایگەر ٩٢ دەنگی بەدەست هێنا و بەپلەی یەكەم هات، یاریزانی فەرەنسی فرانك ریبێری لەیانەی بایرەن میونیخ بە پلەی دووەم هات و ٨٧ دەنگی بەدەست هێنا، هێرشبەری ئەڵمانی تۆماس مۆلەر كە ئەویش هەر لەیانەی بایرەن یاری دەكات لە پلەی سێیەم هات بە كۆكردنەوەی ٨٥ دەنگ، شڤانیشتایگەر كە لە رۆژی ٢٠١٣/٨/٩ ئەم خەڵاتە وەردەگرێت دووپاتیكردەوە خەڵاتەكە تەنها بۆ ئەو نییە بەڵكو بۆ سەرجەم یاریزانانی یانەی بایرەنە كەبەیەكەوە توانیمان سێ نازناوە مێژووییەكە بەدەست بهێنن. لەسەر ئاستی راهێنەران، راهێنەری پێشووی یانەی بایرەن میونیخ یۆب هاینكس بە شایستەیی خەڵاتی باشترین راهێنەری وەرگرت دوای ئەوەی ٣٨٣ دەنگی كۆكردەوە بەجیاوازییەكی زۆرەوە لەگەڵ راهێنەری یانەی فرایبۆرگ كریستیان ستریتچ كەبەپلەی دووەم هات بە كۆكردنەوەی ٧٧ دەنگ دواتر راهێنەری یانەی بروسیا دۆرتمۆند یۆرگن كلۆب بەپلەی سێیەم هات .



## گواستنەوەی راهێنەران لەگواستنەوەی یاریزانان بەهێزترە

لەگەڵ تەواوبوونی وەرزی ٢٠١٢-٢٠١٣ لەخولەكانی ئەوروپا واپێشبینی دەكرا بازاڕی هاوینەی گواستنەوەی یاریزانان یەكجار بەهێزبێت بەتایبەتی كەسەرجەم یانەكان هەوڵی بەهێزكردنی پێكهاتەكانیان دەدا، هەروەها هەموو ساڵێك واباوە كە گواستنەوەی یاریزانان زۆر گەرم بێت بەڵام ئەمجارەیان بازاڕی گواستنەوەی راهێنەران زۆر بەهێزتر بوو، مێركاتۆی راهێنەران سەرنجی دەزگاكانی راگەیاندنی جیهانی راكێشا بۆیە راهێنەران ئەستێرەی بازاڕی گواستنەوەی هاوینە بوو.

**ئەمەش لیستی بەناوبانگترین ١٠ یانەیە كە لەمێركاتۆی هاوینە راهێنەرەكانیان گۆڕیوە:**




١- یانەی چێلسی . رۆیشتنی راهێنەر رافائیل بینیتیز و هاتنی راهێنەر جۆزێ مۆرینهۆ
٢- یانەی مانچستەر یونایتد . رۆیشتنی راهێنەر ئەلێكس فێرگسۆن و هاتنی راهێنەر دێڤید مۆیس
٣- یانەی مانچستەر سیتی . رۆیشتنی راهێنەر رۆبەرتۆ مانشینی و هاتنی راهێنەر مانویل پیلیگرینی




٤- یانەی ریال مەدرید . رۆیشتنی راهێنەر جۆزێ مۆرینهۆ و هاتنی راهێنەر كارلۆ ئەنشلۆتی
٥- یانەی بەرشلۆنە . رۆیشتنی راهێنەر تیتۆ ڤیلانۆڤا و هاتنی راهێنەر جیراردۆ تاتا مارتینیز
٦- یانەی ئینتەرمیلان . رۆیشتنی راهێنەر ئەندریا ستراماچۆنی و هاتنی راهێنەر والتەر ماتزاری



٧- یانەی ناپۆلی . رۆیشتنی راهێنەر والتەر ماتزاری و هاتنی راهێنەر رافائیل بینیتیز
٨- یانەی بایرەن میونیخ . رۆیشتنی راهێنەر یۆب هاینكس و هاتنی راهێنەر پیپ گواردیۆلا
٩- یانەی پاریس سان جێرمان . رۆیشتنی راهێنەر كارلۆ ئەنشلۆتی و هاتنی راهێنەر لۆران بلان
١٠- یانەی رۆما . رۆیشتنی راهێنەر ئۆریلیۆ ئەندریاتزۆلی و هاتنی راهێنەر رۆدی گارسیا





# لە کەرکووک کۆتایی بەخولی ناوبژیوانانی تیروکەوانی کوردستان هات

لە ژێر چاودێری لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و بەسەرپەرشتی یەکێتیی ناوەندیی تیروکەوانی کوردستان کۆتایی بەخولی ناوبژیوانانی تیروکەوان هات کە لە هۆڵی یانەی وەرزشی کەرکوک بەڕێوەچوو .

یەکێتیی تیرکەوانی کوردستان لە درێژەی کارو چالاکیی ساڵانەیدا خولێکی ناوبژیوانانی کردەوە کەتیایدا ١٦ ناوبژیوان بەشداربوو، خولەکە ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو بە سەرپەرشتیی ڕاهێنەری نێودەوڵەتی و ناوبژیوان ئازاد سەفوەت خولەکە بەهەردوو شێوازی پراکتیکی و تیۆری وانەکان دەوترانەوە . بەڕێوەچوونی خولێك بۆ ناوبژیوانانی تیروکەوان لە کوردستان بەئامانجی زیاتر پێشکەوتنی ئاست و پێدانی زانیاریی نوێیە بەناوبژیوانانی تیروکەوان لە کوردستان و دوایین ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر یاساکانی تیروکەواندا هات لە جیهاندا، لەم خولەشدا تەواوی زانیارییە نوێیەکان بەپێی یاساکانی ئەو سەردەمە بەناوبژیوانانی تیرو کەوان لە کوردستان وترانەوە.

# پێنج یاریزانی کورد بانگهێشتی ئازەربایجان دەکرێن

بە مەبەستی بەشداریکردنی لە پاڵەوانێتیی باکۆی نێودەوڵەتی لە یاری هونەرە بەرگرییەکان، پێنج یاریزانی کورد بانگهێشتی ئەو پاڵەوانێتییە دەکرێن.

پاڵەوانێتیی باکۆی نێودەوڵەتی لە یاری هونەرە بەرگرییەکان ساڵانە بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆری وڵاتان لە وڵاتی ئازەربایجان بەڕێوەدەچێت ئەمساڵیش پاڵەوانێتییەکە لە ١٧ ی مانگی ئۆکتۆبەرەوە بۆ ماوەی چوار ڕۆژ درێژە دەکێشێت و بە شێوەیەکی فەرمیش نامەی داوەتی بەشداریکردن بۆ یانەی دووکان نێردراوە.





# هەڵبژاردەی عێراق بەرەو چین بەڕێکەوت

بەمەبەستی ئەنجامدانی کامپێکی ڕاهێنان هەڵبژاردەی تۆپی سەرمێزی عێراق بەرەو چین بەڕێکەوت و ماوەی ٢ هەفتەش لەو وڵاتە دەمێنێتەوە .

لە لێدوانێکی تایبەتدا هەردە ڕەوف بارام سـەرۆکی یەکێتی تۆپی سـەرمێزی عێراق ڕاگەیاند بەمەبەستی ئامادەکاری زیاتر بۆ پاڵەوانێتیی وڵاتانی عەرەب کە مانگی داهاتوو لە شاری هەولێر بەڕێوەدەچێت، یەکێتییەکەیان ٣ یاریزانی هەڵبژاردەی یەکەم و چەند یاریزانێکی ئاستەکانی تری بەمەبەستی بەشداریکردن لەکامپێکی ڕاهێنان ڕەوانەی چین کردووە.

هەردە وتیشـی هەڵبژاردەکەیان لە لایەن ٢ ڕاهێنەری چینیەوە سەرپەرشـتی دەکرێت و هیواشی خواست یاریزانەکان بتوانن سوودی پێویست لەکامپەکە وەربگرن.

یاریزانەکانی هەڵبژاردەی یەکەمی عێراق پێکهاتوون لە هەر سێ یاریزانی کورد کاروان و حوسێن عومەر و هەردی عەلائەدین، هاوکات سەیوان جەمالی یاریزانی یانەی وەرزشی سلێمانیش لەسەر خەرجی یانەکەی دەچێتە میسر و دواتر لەوێوە گەشتی چین دەکات.

# پاڵەوانێتیی تیروکەوانی عەرەب دێتە شاری سلێمانی

یەکێتیـی ناوەندیی تیرو کەوانی عەرەب لـە کۆبوونەوەی خۆیـدا بڕیاری دا کە پاڵەوانێتیی داهاتـووی هەڵبژاردەکانی وڵاتانی عەرەب لە عێراق بەڕێوە بچێت.

پاڵەوانێتییەکـە لە ڕۆژانی (٧ تا ١٢ - ٨ - ٢٠١٣) لەسەر یاریگای سـلێمانی بەڕێوە دەچێت و تا ئێستاش (١٠) هەڵبـژاردەی عەرەبـی ڕەزامەنـدی خۆیان بۆ بەشداریکردن لەو پاڵەوانێتییەدا دەربڕیوە.

جێـی ئاماژەیە ئەمـە بۆ یەکەمجـارە کە پاڵەوانێتییەکـی لەو جۆرە بێتە شـاری سلێمانی.



بۆ ئەم مەبەستە پێنج یاریزانی یانەی دووکان لەو پاڵەوانێتییە بەشداردەبن:

١- وەحید محەمەد عەلی،کێشی ٧٠کگم
٢- هیمداد عەلی حەسەن،کێشی ٦٥کگم
٣- فەرشاد یوسف عەلی، کێشی ٧٥کگم
٤-حەسەن عەلی ئەحمەد :کێشی ٨٠کگم
٥-ڕێبوار لوقمان ئیبراهیم

ساڵی ڕابردووش دوو یاریزانی کوردستان کە زانا حەربی و هیمداد عەلی بوون بەشداریی پاڵەوانێتیی نێودەوڵەتیی وڵاتی جۆرجیایان کرد و دوو مەدالیای زیویان دەستەبەر کرد .